# شانۆکار

خاوەنی ئیمتیاز
فێستیڤاڵ

بەڕێوەبەری فێستیڤاڵ
شکۆ عومەر
دەستەی باڵای فێستیڤاڵ
مەریوان زەنگەنە
سیروان بێلانە
تارق ناسح
محەمەد خدر

سەرنووسەر
کاردۆ محەمەد
ستافی ڕۆژنامە
هەوار فارس
هۆزان شێرزاد

ڕۆژنامەیەکی تایبەتە بە یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوک خولی جیهاد دڵپاك

ژمارە (١) چوارشەممە ٢٠١٩/٥/١


# وتاری دەسپێکی یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك خولی (جیهاد دڵپاك)

## ئامادەبووانی خۆشەویست .. بەڕێزان.. سوپاس بۆ ئامادەبوونتان، ئەرکتان کێشا.

لە سۆنگەی هەستکردنمان بە لێپرسراوییەتی ،و خەمخۆری بۆ ڕەوتی شانۆ لە کەرکوك ،و برەودانی زیاتر بە چالاکییە هونەرییەکان و هونەری شانۆ بەتایبەتی و ڕەخساندنی کەشێکی شانۆیی و کەرنەڤاڵێکی هونەری ئاست باڵا و کۆکردنەوەی زۆربەی شانۆکارانی کوردستان ، و بەشێك لە شارەکانی عیراق لە بۆنەیەکی هونەریدا.

ئەمرۆ ١/٥/٢٠١٩ لە شاری کەرکوك، یەکەمین فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك خولی (جیهاد دڵپاك) ڕادەگەیەنین، لەم ساتەوە فێستیڤاڵ دەست بە کارەکانی دەکات و ماوەی چوار ڕۆژ لە شاری کەرکوکی پێکەوەژیان بەردەوام دەبێت ، تێیدا زۆرترین هونەرمەند و شانۆکارمان لەسەر ئاستی عیراق بانگهێشت کردووە، و بەوپەڕی حورمەت و شکۆوە، میوانداریيان لێدەکەین و گونجاوترین و لەبارترین کەشی هونەرییان بۆ دەخولقێندرێت،و چەندین چالاکی شانۆیی و مەعریفی پێشکەش بە میوانان دەکەین.

بەڕێزان ..

یەکەمین فیستیڤاڵی شانۆی کەرکوك خولی (جیهاد دڵپاك) لەسەر ئەرکی وەزارەتی ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێوەبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری و هونەری سلێمانی، بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەری کەرکوك ئەنجامدەدرێت و بودجەی بۆ تەرخان کراوە، ئەمە جگە لەوەی کە چەند کەس و لایەنێکی دیکەی کەرتی تایبەت هاوکاری و سپۆنسەری فیستیڤاڵەکەیان کردوە.

ئامادەبووانی بەڕێز.. لەبارەی ناوی فیستیڤاڵەکەشەوە، ئێمە لە لیژنەی باڵا، بڕیارماندا وەك ڕێز و پێزانینێك بۆ ئەزموون و بەخششی هونەری هونەرمەندانی مەزنی خۆمان، ساڵانە هەر خولێکی فێستیڤاڵ بە ناوی یەکێك




لە شانۆکارانی شارەکەوە ناوبنێین، ئەمەش بۆ ئەوەی بێئەمەك نەبین بەرامبەر ئەو پێشڕەوانەی شانۆی کوردی و کەرکوك بەتایبەتی کە بەدرێژایی مێژوو، جێپەنجەیان بەسەر ڕەوتە شانۆییەکەوە دیاربووە و دەمێنێتەوە.

بۆ خولی یەکەمیش پێمانوابووە کە مامۆستا جیهاد دڵپاك ی ڕەوانشاد بۆ کەرکوك هەمیشە ئەو مۆمە بووە کە لە دورەوە بۆی سووتاوە و لە هەمووان زیاتر عاشقی کەرکوك بووە و دوا ئەزموون و بەخششە هونەرییەکانی خۆشی هەر پێشکەش بەم شارەی خۆی کردووە، بۆیە ئێمەش وەك ئەمەك و پێزانینێکی بچووك بڕیارماندا ئەم خولەی فێستیڤاڵ بە ناوی ئەو شانۆکارە نازدارەی شارەکەمانەوە ناوبنێین.

ئامادەبووانی خۆشەویست.. خەون و خواستی ئێمە ئەوەیە و تاڕادەیەکیش بەڵێنمان پێدراوە، کە لە ساڵی داهاتوودا فێستیڤاڵەکە فراوانتر بکەین و بکرێت بە فێستیڤاڵێکی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی وڵاتان، نمایشی ئاست بەرز و ئەزموونی جیاوازی گەلان بە شانۆکارانی خۆمان ئاشنا بکەین و کار بۆ زیندووکردنەوە و درەوشانەوەی ئەو ناسنامەیە بکەین کە پێشتر کەرکوکی پێناسرابوو لە بواری هونەری شانۆ و درامادا، بۆیە ئێمە درك بەوە دەکەین کە ئەرکەکەمان قورسە بەڵام خەون و ئامانجەکەمان مەزنە و وامان لێدەکات کە لە خۆمان ببورین و شان بدەینە ئەو لێپرسراویەتییە، وبە هەموولایەکەوە ئێمە و ئێوە و هەموو هونەرمەندان و شانۆکاران کار بۆ سەرخستن و بەردەوامیدان بە فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك بکەین و شارەکەمان بکەین بە مەڵبەندێکی هونەری و شانۆیی درەوشاوە، تا ببێ بە بنکەی کۆکردنەوەی جوانییەکانی هونەر و شانۆ بەتایبەتی بەجۆرێك بەشداریکردن لە فیستیڤاڵەکە ببێتە خەونێکی گرنگ بۆ هەموو شانۆکارێك.

دووبارە سوپاس بۆ

# شانۆیی دنیا دەبێتە نۆبەرەی نمایشەکان

**هەواڵ هەوار فارس**

لەچوارچێوەی چالاکییەکانی فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك خولی جیهاد دڵپاك ،کاتژمێر ٥:٠٠ ی ئێوارەی ئەمرۆ لە هۆڵی سەنتەری ڕۆشنبیری کەرکوك شانۆیی (دنیا) نمایشدەکرێت .

شانۆیی دنیا لە نووسینی عەلی عەبدولنەبی ئەلزەیدی و دەرهێنانی ئالان هیوایە .

هەریەك لە حسێن عەلی ،چرۆکامیل، هێمن عومەر، عەلی نامیق بەرجەستەی کارەکتەرەکانی دەکەن.

جێی ئاماژەیە دەرهێنەر دەرچوی پەیمانگای هونەرە جوانەکانی کەرکوك و کۆلێژی هونەری هەولێرە،کاری دەرهێنانی بۆ چەندشانۆگەرییەك کردووە وەك ( هەشتەم ڕۆژی حەفتە لاجلە استدار الزمن بۆیەچیکان هیچ یادگاریان نیە گریمانەی ئەوەی بەڕاستی ڕوویدا ) .



# سکــواد نمــایش دەکــرێت

لەمیانی کارو چالاکییەکانی فێستیڤاڵی شانۆی کەرکوك خولی جیهاد دڵپاك

ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە ١/٥/٢٠١٩ لە هۆڵی چالاکی قوتابخانەکان شانۆیی سکواد نمایش دەکرێت.

سکواد لە ئامادەکردن و دەرهێنانی( یونس عوسمان)ـە

بەرجەستەکارانی ئەم نمایشە بریتین لە (حەبیبە عەبدولا، عەلی زۆراب ، ئاشنا کەمال ، هۆزان کاروان ، محەمەد ئیسماعیل ، سەبریە عەبدولا، ڕەیان شۆڕش ، بنیاد فەرحان ،عەلی کەمال ، بەشیر جەمشید ) ، دیکۆر و ڕووناکیش لەلایەن لیژنەی هونەری فێستیڤاڵەوە جێبەجێکراوە. سەبارەت بە نمایشەکەیان یونس عوسمانی دەرهێنەر ئاماژەی بەوەکرد" ئەم کارەیان لە لە دەقی (ئێمە پارە نادەین) ی داریۆفۆوە وەرگیراوە و کاتژمێر ٧:٠٠ ی ئێوارە نمایش دەکرێت ".



This document was created with the Win2PDF “print to PDF” printer available at
http://www.win2pdf.com

This version of Win2PDF 10 is for evaluation and non-commercial use only.

This page will not be added after purchasing Win2PDF.

http://www.win2pdf.com/purchase/